هەرێمی کوردستانی - عیراق
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی
کارگێری هەڵبژاردن
فەرمانگەی پەیوەندی و راگەیاندن

أقليم كوردستان - العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات و الاستفتاء
الادارة الانتخابية
دائرة العلاقات والاعلام

Kurdistan Region -Iraq
The lndependent High Election and Referendum Commission

# ئاگاداریەک بۆ دەنگدەرانی کوردستانی لە دەرەوەی عیراق

لە پێناو دەستبەرکردنی مافی بەشداریکردنی زۆرترین دەنگدەری کوردستانی لە دەرەوەی عیراق، ئەنجومەنی کۆمسیاران لە رێگەی دوو لینکی ئەلیکترۆنی جیادا دەرفەت بۆ دەنگدەرانی دەرەخسێنێت لەیەک کاتدا، لە رۆژانی (٢٥،٢٤،٢٣) دەتوانن راستەوخۆ ناوی خۆیان تۆماربکەن و دەنگ بدەن لە رێگەی ئەم لینکە (e–voting.krd)کە لە ماڵپەری کۆمسیۆن دانراوە.

بۆ ئەوەی بەسەرکەوتووی خۆت تۆماربکەیت و دەنگ بدەیت پەیرەوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکە.

یەکەم

أ- مەرجە هاوڵاتی هەرێمی کوردستانو ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بن و ئێستا لەدەرەوەی عێراق نیشتەجێ بێت

ب-تەمەنی (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

ج - ناوی لە داتا بەیسی (دووەمی ) کۆمسیۆن داهەبێت کە پشتی بە ژمارەی رەگەزنامەی عێراقی بەستوە.

دووەم/ هەنگاوەکانی خۆتۆمارکردن و دەنگدان

١. رۆژانی (٢٣، ٢٤، ٢٥) لە رێگەی ئینتەرنێت و ئەم لینکە( e–voting.krd ) کەلە ماڵپەری کۆمسیۆن دانراوە دەست بە خۆتۆمارکرن و دەنگدان دەکەیت.

٢. دوای داخل کردن ناوی سیانی و پارێزگاکەو ژمارەی رەگەزنامەی عێراقی لەژمارەی مۆبایل نامەیەکت بۆ دێت کە ( پاسوردە) بەژمارە نووسراوە، راستەوخۆ ئەم پاسوردە داخل دەکەیت و دەست دەکەیت بە هەنگاوەکانی تر.

٣. بۆ کارئاسانی دەنگدەرانی کوردستانی هەنگاوەکانی خۆتۆمارکردن و دەنگدان بە هەرسێ زمانی ( کوردی ، ئینگلیزی، عەرەبی ) دانراوە.

٤. هەر دەنگدەرێک پێشتر خۆی تۆمارکردبێت پێویست ناکات دووبارە ناوی خۆی تۆماربکاتەوە لە رێگەی لینکی پێشوو ئەتوانی (٢٣) مانگ دەنگ بدات.

٥. بۆ زانیاری زیاتر ئەتوانن سەردانی ماڵپەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بکەن لە رێگەی ئەم لینکە (khec.krd ) و رێکارەکانی دەنگدانی دەنگدەرانی کوردستان لە دەرەوەی عیراق بخوێنێتەوە.

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی**
**هەڵبژاردن و راپرسی**

**بۆتان عمر ٢٠١٧/٩/٢١بل**